بافڵ جەلال تاڵەبانی بەسەردانێك گەیشتە ئەڵمانیا



بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە بەسەردانێك گەیشتە ئەڵمانیا و بڕیارە بەشداریی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن بکات.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی یەکێتی، بافڵ جەلال تاڵەبانی بانگهێشتی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ئەڵمانیا دەکرێت و بڕیارە لە سەردانەکەیدا چەندین کۆبونەوە و دیداری سیاسی و دیپلۆماسی لەسەر ئاستی بەرپرسانی باڵای وڵاتان و سەرکردەی سیاسی، سەربازی، ئەمنی و ئابوری ئەنجامبدات.

کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ڕۆژی 14ـی (شوبات/2)ی 2025، لە شاری میونشنی ئەڵمانیا دەستپێدەکات و تیایدا ژمارەیەك لە کەسایەتیی سیاسی و سەرۆك و سەرکردەکانی جیهان بەشداریی تێدادەکەن.